# Tekoshan No.211

The Organ of Central Committee The Organization Struggle of Iranian Kurdistan

ئادرەسی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، لەسەر شەبەکەی جیهانیی ئەنتەرنێت

ئادرەسی سایتی ئەنتەرنێتی سازمان: http://www.sazmanikhabat.com    کۆمیتەی ئافرەتانی سازمان: komitay_ afratan@yahoo.com

http://www.khabatmedia.com    Emai: tekoshan20002003@yahoo.com

sazmanikhabat@yahoo.co.nz    Email:Sazmanikhabat@hotmail.com

نوینەری سلێمانی: ٧٥٠١٠٦٢٣٧٩ ٠٧٧٠٣٥٦٢٨١٤    Email: dangikhabat2003@yahoo.com

ئاریافون: ٠٠٩٦٤٦٦٢٥٢٩٥١٨    کۆرِك تیلکۆم: ٠٠٩٦٤٧٥٠٤٤٩٧١٣٨

دەفتەری نوێنەرایەتیی هەولێر: موبایل: ٠٠٩٦٤٧٥٠٤٦٨٧٢٠٩ ٠٠٩٦٤٦٦٢٢٢٠٨٦١ pewandi_hawler@yahoo.com

25th Year Nomber ((211)) 29 of Khakalewa 2709 Kurdish Colemdar falling no 1388 Hijri I Falling 18th April 2009


## گۆشتی سوور مەترسیی تووش بوون بە نەخۆشیە جۆراوجۆرەکان زیاد دەکا



کەسانێك کە زیاتر گۆشتی سوور بە سوورەوەکراوی و بە شێوەی ئامادە کراو دەخۆن مەترسی تووش بوونیان بە نەخۆشیە کوشندەکان لەوانە سەرەتان و نەخۆشیەکانی دڵ بەرەوڕوو دەبن.

ئەوە ئاکامی ئەو ڕاپۆرتەیە کە لێکۆڵینەوەی نوێی لێکۆڵەرەوانی ئەمریکایی ئەنجومەنی نەتەوەیی سەرەتان نیشانی داوە.

ئەو لێکۆڵینەوە یەکێك لە لێکۆڵینەوە بەربلاوەکانە کە تا ئێستێ بۆ وەلامی ئەو پرسیارە کە ئایا خواردنی گۆشتی سوور بۆ سلامەتی مرۆڤ مەترسی هەیە یان نە، ئەنجام دراوە.

***

## کاریکاتۆری میرحوسێنی موسەوی لە سایتێکی لایەنگری حکوومەتدا




سایتی "ئیرنا" کە سەر بە هەواڵنێریی دەولەتیی ئیرنایە، کاریکاتۆرێکی موسەوی و عەلی دایی بلاو کردەوە. لەو کاریکاتۆرە دا عەلی دایی بە لەقەی گاییێك وەدەرنراوە کە میرحوسێنی موسەوی پیشوازی لە وەدەرنانی دەکا.

جێگەی وەبیرهێنانەوەیە ئەو کاریکاتۆرە کە بە سووکایەتی بە بەرپرسانی وەرزش دێتەئەژمار، لەکاتێکدا بلاو دەبێتەوە کە کاربەدەستانی "تربیت بدنی" ی رژیم لادانی عەلی دایی یان بە بریارێکی کاربەدەستانی وەرزشی زانیوە. ئەو کاریکاتۆرە دەرخەری ناکۆکی باندەکانی دەسەلاتە کە تەنانەت وەرزش و بەتایبەت تۆپی پێ نیشان دەدات.

## وتەی بەنرخ

کاتێ خۆمان بۆ رووبەروو بونەوەی خراپترین بارودۆخ ئامادە بکەین، ئیتر نیگەرانی کاریگەریی بەسەرماندا نامێنێ. (ئەفلاتون)

مرۆڤ دەتوانێ دوو خولەك بە بێ هەوا، دوو حەوتوو بێ ئاو و سێ حەوتوو بێ خۆراك بژی، بەلام بۆ چرکەساتێکیش ناتوانێ بێ بیرکردنەوە و بیری نوێ بژی. (فرانکلیـن)

## لە ٢١مین سالیادی ئەنفال، تەرمی ١٨٧ ئەنفالكراوی كوردستان بە خاك سپێردران



هەموو سالێك لە یادکردنەوەی جینایەتی ئەنفال کە رژیمی دیکتاتۆری سەدام حوسین لەدژی خەلکی بێتاوانی کورد بەرێوەی برد، باس لەو مەینەتیانە دەکرێت کە رژیمی بەعس بەسەر خەلکی کوردی داهێنا و ١٨٢ هەزار کوردی بێتاوان کە زۆربەیان ژن و مندالّ و پەکەوتە بوون لەناوبرد. ئەو جینایەتە بەڕادەییێك بەرین بوو، کە جیهانی هەژاند. ئەو کۆمەلکوژی و تاوانە جینوسایدە بەڕادەییێك قورس بوو کە کۆمەلگای جیهانی هەژاند.

لەچەند رۆژی رابردوو دا تەرمی ١٨٧ ئەنفالکراوی کورد لەدوای ئەوەی کە بە چەند شاری کوردستان گێڕدران،لە رۆژی ٢٠٠٩/٤/١٤ بەرەو دوامەنزلگەیان لەناوچەی گەرمیان بەرێکران و لەمەراسمێکی پڕشکۆ دا بە خاك سپێردران.

بی گومان باشترین رێزگرتن لە ئەنفال کراوان، زیاتر بەخەمەوە بوونی کەس و کاری ئەنفالکراوانە لەلایەن حکوومەتی عێراقی فیدرال و حکوومەتی هەرێمی کوردستانە.

***

## جایزەی رۆژنامەوانی نێونەتەوەیی سالّی بریتانیا بەخشرا بە کەبوودوەند



رێکخراوی دیفاع لە مافی مرۆڤی کوردستان، دامەزراوەی جایزەکانی چاپەمەنی بریتانیا (بریتیش پرس ئووارد) محەممەد سدیق کەبوودوەند رۆژنامەوانی ئێرانی و سەرۆکی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستانی وەك رۆژنامەوانی نێونەتەوەیی سالّی ٢٠٠٩ ناساند. جایزەی ئەو ناوەندە رۆژی سێ شەممە ٣١ی مارس لە رێ و رەسمێکی بەشکۆدا لە لەندەن پێشکەش بە ناوبراو کرا.

محەممەد سدیق کەبوودوەند بە تاوانی دژایەتی ئاسایشی نەتەوەیی رژیم لە رێگەی دامەزرانی رێکخراوی دیفاع لە مافی مرۆڤی کوردستان لە زیندانی ئەوین دا لە حالّی بە سەربردنی حوکمی ١٠ سالّ و نیو زیندانداییە. هەیئەتی داوەرانی جایزەکانی چاپەمەنی بریتانیا لە ١٠٠ کەس لە رۆژنامەوانە سەربەخۆکان پێك هاتووە.

***

## ٦٤٨٠ جار نارەزایەتی لەدژی رژیمی ئاخوندی لەسالێکدا

سالّی ١٣٨٧، سالّی بەرنگاری و وەستان و بەربەرەکانێی خەلکی ئێران لە بەرانبەر رژیمی ئێران لە هەموو بارێکەوە بوو. بە پێی ئامارە سەبت کراوەکان، لەو سالەدا شاهیدی زیاتر لە ٦٤٨٠ جار مانگرتن، نارەزایەتی، کۆبوونەوە و تێکگیرانی خەلکی بە گیان گەیشتوو لەگەلّ هێزە سەرکوتگەرەکانی رژیم بووین.

بە پێی ئەو ئامارە، لە هەر مانگێکدا نزیك بە ٥٤٠ بزوتنەوەی نارەزایەتی و لە هەر رۆژێکدا ١٨ بزوتنەوەی نارەزایەتی بەرێوەچوە. ئاماری نارەزایەتیەکانی سالّی ١٣٨٧ لە چاو سالانی پێشووتر، ١٥٩٠جار زیادی کردوە. ئەو نارەزایەتیانە بە تێکرا، ١٨٠٠ نارەزایەتی خوێندکاری، ١٢١٥ جار نارەزایەتی کرێکاری، ٣٢٠ بزوتنەوەی نارەزایەتی فەرهەنگیان و ٣١٤٥نارەزایەتی لەلایەن باقی چین و توویژەکانی خەلك و زیندانیە سیاسیەکانەوە بەرێوەچووە. لە بەربەرەکانێی خەلك لە بەرانبەر رژیمی ئێران لە ئەیوانی غەرب و مەریوان شاهیدی سەرهەلدانی خوێناوی بووین. لە مانگی بانەمەڕدا خەلکی ئەیوانی غەرب لە ئوستانی ئیلام، لە دوای تەقەی هێزەکانی رژیم و کوژرانی سێ کەس لە خەلکی ئەو شارە، لەلایەن خەلکەوە هێرش کرایە سەر ناوەند و ئیدارەکانی رژیم و ئاووریان تێ بەردان. لە مانگی رەشەمە کۆتایی سالّی ١٣٨٧، خەلکی مەریوان لە ماوەی یەك حەوتوو نارەزایەتی و مانگرتنی سەرانسەری دژ بە سیاسیەتی بەستنی سنوورەکانی ئەو شارە و شەهید کردنی کاسبکاران و کوشتنی ئەسبەکانیان، لەگەلّ هێزەکانی رژیم تێکگیران و رژیمیان مەجبور بە پاشەکشە کرد.

یەکێکی دیکە لە مانگرتنە درێژماوەکان لە دژی سیاسەتە چەوتە مالّیاتیەکانی رژیم، بازاریەکانی تاران و هێندێ شاری دیکە لە مانگی رەزبەردا بوو. ئەو مانگرتنە سەرتاسەریە پاسدار ئەحمەدی نژادی مەجبوور بە پاشەکشە لە سیاسەتەکانی کرد. لە سالّی ١٣٨٧دا نارەزایەتی خوێندکاری لە زانستگاکانی تاران، شیراز، زاهیدان و بوعەلی سینای هەمدان بەو پەڕی خۆی گەیشت، لە مانگی رەشەمەدا زیاتر لە ١٥٠٠ کەس لە خوێندکارانی زانستگای پولە تینیکی تاران لەگەلّ بوونی حکومەت نیزامی رانەگەیێندراو، بە دانی شیعارەکانی (مەرگ بۆ دیکتاتۆر و دیکتاتۆری سەردەم)، (شەهید بووە بە بیانوو) رق و کینەی خۆیان لە جینایەتی گەورەی خومەینی لە بەردەوام بوونی لە شەڕی دژی نیشتمان و شانۆی لە خاك نانی ئیسك و بروسکی قوربانیەکانی شەڕ لە زانستگا دەربڕی و لەگەلّ هێزەکانی رژیم تێکگیران.

خوێندکاران پلاکاردیان هەلگرتبوو کە لە سەری نووسرا بوو (دژ بە دواکەوتوویی یەکگرین)، ئەو بەرنگاریە کەم وێنەیەی خوێندکاران لە دوای پەیامی وەلی فەقیهی رژیم سەبارەت بە لە خاك نانی ئیسك و بروسکی کوژراوانی شەڕ لە زانستگاکان دا هات.

لە کاتی تاسوعا و عاشورادا، خەلك بە وەستان و بەرەنگارییێکی کەم وێنە، لە شەقامەکانی هومایوون شار، درچە، زەینەبیە و شارەکانی دیکە، لەگەلّ هێزەکانی رژیم تێکگیران و بە دانی خوێنی لاوان بارگە و بنەی فیلبازی رژیمی ئاخوندیان تێك و پێك دا.

لە رۆژی سێ شەممە ٢٧ی رەشەمەدا، لەگەلّ بوونی حکومەت نیزامی رانەگەیێندراو، خەلك بەتایبەت لاوان جێژنی چوارشەممە سووریان بەرێوەبرد و ئەو بۆنەیان گۆڕی بۆ نارەزایەتی سەرتاسەری دژ بە رژیمی ئاخوندی. لاوان بە بەکارهێنانی بۆمبە دەس سازەکان و تەقاندنی تەرەقە و کردنەوەی ئاگر کردنەوە و هەروەها لە هێندێ لە شارەکان شکاندنی شیشەی ماشینەکان، لەگەلّ هێزە ئینتزامیەکانی رژیمدا تێکگیران.

زیندانیە سیاسیەکانیش بە مانگرتن و نارەزایەتی بەردەوامی خۆیان، گڕ و تینی بەرنگاریان لە شکەنجەگاکانی رژیمی ئاخوندیدا وەك خۆی ڕاگرتووە. لە سالرۆژی ٣٠ جۆزەردان رۆژی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی، ٣٥ کەس لە زیندانیە خەباتکارەکان لە زیندانی گەوهەردەشت و دەستگردی ئیسفەهان بۆ ماوەی ١٠ رۆژ مانیان لە خواردن گرت. بەو شێوە سالّی ٨٧، خەلکی ئێران لە هەموو بارێکەوە بەرەنگاری سیاسەتەکانی رژیمی دیکتاتۆری ئاخوندی بوونەوە و نیشانیان دا کە جوێ لە روخان و گۆڕانی رژیم هیچ داوایێکی دیکەیان نیە.

بـــروخێ ڕژێـــمی ئاخونـــدیی ئـــێران